# ئازادی و دیموكراتییەت

# تەنیا جنێودان نییە!!

كاتێك تەماشای هەر بڵاو كراوەیەك دەكەین هەستی پێ دەكەین كە بە چلایەك دا دەچێت و مەبەست و ئامانجەكانی ئەو بڵاوكراوەیە چییە؟.

وەك هەموو رۆژێك بەیانییان تەماشای سایتە كوردییەكان دەكەم تاوەكو بزانم هەواڵی كورد لە روانگەی كوردەوە چییە؟.

ئەوەی بەردەوام سەرنجی راكێشاوم ئەوەیە كە ماڵپەرە كوردییەكان بەداخەوە زیاد لەپێویست شتی بچووك گەورە دەكەن، هەروەك دەبینین كە ئەم ماڵپەرە بەڕێزانە رێگا بە بڵاو كردنەوەی زۆر جنێو نامەو كاری جنێو فرۆشان دەدات، بگرە زۆرێش گرنگی بە مانشێتی جنێوەكانیان دەدات بۆ نموونە ئەوەی پەیوەندی بە بارگرژی نێوان حزبەكانەوەبێت بەتایبەتی ئەو دوو حزبە گەورە سەرەكییەی كە لە رۆژگاری ئەمڕۆ كورد پشتی پێیان بەستووە ئەگەرچی هەڵەشیان هەبێت، چونكە بەڕاستی ئەگەر ئەوەشی دەیڵێن راستیش بێت ئێستا كاتی لێپرسینەوە نییە و دەكرێ كاتێكی گونجاوتر بۆ لێپرسینەوە هەڵبژێرن.

باشترین ئەزموونی سەركەوتووی یەك دەست و دڵی هەڵبژاردنەكان بوو، كە بەئاشكرا هەستی پێ دەكرا چۆن كورد بەخۆیدا چوبووەوە و هەموو بۆ یەك مەبەست هەوڵمان دەدا ئەویش سەركەوتنی هەڵبژاردن بوو، لەپێناوی ئەوەی، بەڵكو كورد بتوانێت هەندێك لەمافەكانی خۆی بەدەست بهێنێ ئەگەر ئەومافانە تەنیا بەشێكیش بێت بۆ ئێستا.

چەن خۆش دەبوو وەك چۆن كورد (بە لیستی هاوپەیمانێتی كوردستان)ی بەشداری كرد ئاواش ئەو حزبە كوردییە بچووكانەی دیكەش لەخۆبردووانە لەپێناو بەدەستهێنانی مافە رەواكانی گەلە ستەمدیدەكەمان لەگەڵ لیستی هاوپەیمانێتی كوردستانی بەشداری بكردایە، بەبێ ئەوەی ئاوا هەندێكیان خۆپەرستانە بیر بكەنەوە، كە ئامانجە نادیارەكانیان بخەنە پێش هەموو شتێكەوە تەنانەت لەپێش بەدەستهێنانی مافەكانی گەلەكەشمانەوە!.

من نامەوێت باس لە هەڵبژاردن بكەم، بەڵام بەداخەوە كاتێك تەماشای ماڵپەرە كوردییەكان دەكەم لەئایندە دەترسم.. ترس لەوەی ئاشووبێك هەڵگیرسێنن كە بەرهەمەكەی (براكوژییەك)ی دیكەبێت.

راستە ئازادی و دیموكراتییەت لێی خۆشتر نییە، بەڵام خەڵكانێك هەن بەهەڵە لە دیموكراتیەت و ئازادی گەیشتوون لایان وایە ئازادی و دیموكراتیەت تەنیا ئەوەیە جنێو بدەیت و لێپرسینەوەت نەبێت!!.

ماوەی یەك هەفتە دەبوو كە تەماشای یەكێك لەو ماڵپەرە كوردییانەم دەكرد، بە مانشێتێكی گەورە نووسیبووی **"نێوان پارتی و یەكێكی زۆر خراپە............"** كە تەماشای مانشێتەكەم كرد بۆ یەكەمجار لام وابوو كە شەڕی ناوخۆ دەستی پێكردۆتەوەو ئێمە لێی بێ ئاگاین، بەڵام كە نووسینەكەم خوێندەوە كەمتر لە

ده دێڕ قسەی بێ بنەماو بێ بەڵگەی لەخۆ گرتبوو کە لەڕاستیدا شایانی ئەو مانشێتە گەورەیە نەبوو ماوەی هەفتەیەك بیهێڵنەوە لە سایتەکەدا و ئەوەشی پتر سەرنجی خوێنەری رادەکێشا ئەوەبوو کە نووسەر تەنانەت ناوی خۆشی نەنووسیبوو.

بەهۆی ئەم جۆرە نووسینە بێ بەڵگەو ناوونیشانانەوە خوێنەر گومان لە راستییەکان دەکات.

ئەم نووسەرە (**دڵسۆزانە!**) کە رۆژانە بەجنێودان و بە خۆ بڕاندنەوەو یەکتر ناشرینکردنەوە خەریکن، ئەوەندەی سەروو گوێلاکی یەکتر دەکوتنەوە، ئەوەندەی جنێو بە حزبەکان دەدەن، ئەوەندەی یەکتر تاوانبار دەکەن بێ بەڵگە، ئەوەندەش وشەیان لە سایتە جیهانییەکان بە زمانە جیاجیاکان بنووسیایە چاکتر نەبوو؟.

خەڵکی وا هەیە لە جیهان ئەوەندە بێ ئاگایە لەکورد تاوەکوو ئێستا نازانێت کورد چییە؟ تاوەکو ئێستا بڕوای بەوە نییە، ئەوەی کورد داوای دەکات مافی خۆیەتی.

خۆزگە چیتر سنوورێك بۆ ئەم جنێودان و جنێو فرۆشانە دادەنرا.

ئەوەی پێویستە کە ئێستا پێوەی سەرقاڵبین تەنیا ئەوەیە کە تاچەند بتوانین مافەکانی خۆمان بەدەستبهێنین، چونکە ئەگەر ئەمڕۆ کە زۆریش گونجاوە مافی خۆمان بەدەست نەهێنین ئیتر دەکەوینە دێر و قەت ئەم دەرفەتە جارێکی دی ناگەڕێتەوە، چونکە لەو بڕوایەدام ئەوەی رۆیشت مەحاڵە بگەڕێتەوە.

**هەوار محەمەد عەلی**

hawar_Ali@hotmail.com